زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - بەشی باخچەی ساوایان - بەیانیان - قۆناغی یەکەم
سەرپەرشتیار: د. ڕەوا صالح محمد - م.ی.ژیان تۆفیق میرزا
ئامادەکردن: گەوهەر عبدللە علی - نیان مسحود حمد - پەیمان خالد

# نەخۆشی ئۆتیزم

## پێشەکی

ئۆتیزم: نەخۆشییەکی ئەقڵی - دەروونییە وەکو هەر نەخۆشییەکی تر، بەڵام درێژخایەنە و تاوەکو مردن لەگەڵ مرۆڤ دەمێنێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئۆتیزم تێکچوونی فرمانەکانی مێشک و دەمارە، واتا کێشەکە لە مێشکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئۆتیزم لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵیدا دەردەکەوێت، وەلەسەر کەسی پەروەردەکار پێویستە شارەزایی و مەهارەتی هەڵسوکەوتکردنی هەبێت لەگەڵ منداڵانی توشبوو.

هەرچی ئۆتیزمە زاراوەیەکی یۆنانییە کە بە واتای گۆشەگیری و کەنارگیری دێت، لێکۆڵەران ئەوەیان سەلماندووە کەوا لەهەر (٥٠٠) کەس (١) کەس توشی ئۆتیزم دەبێت، ئەو ڕێژەیەش لە منداڵی ڕەگەزی نێر زیاترە بە ڕێژەی ١/٣ لەچاو ڕەگەزی مێینە.




## دیارترین نیشانەکانی ئۆتیزم

- گۆشەگیری و تەنهایی.
- گەشەی هەستەوەریان وەک منداڵی ئاسایی نییە.
- نیوەی زیاتری تووشبوان کێشەی زیرەکی و عەقڵیان هەیە جگە لە کەمینەیەک نەبێ کە لە بوارێکی دیاریکراودا زۆر بلیمەتن وەک (هونەر، مۆسیقا، بیرکاری).
- پێکەنینی نائاساییان هەیە و بە قاقا پێدەکەنێ.
- جوڵەی بەردەوام و بێ مەبەست.
- بەزەحمەت دەتوانێ خواست و ئارەزووەکانی دەربڕێ.

## گرنگترین هۆکارەکانی توشبوون بە ئۆتیزم ئەمانەن

١- هۆکاری ژینگەیی. ٢-هۆکاری بۆماوەیی. ٣-هۆکاری بایۆلۆژی. ٤- هەوکردنی ڤایرۆسی. ٥-بوونی کێشە لە دەمار.



## گرنگترین چارەسەرەکان ئەمانەن

" گۆڕین یان باشترکردنی ڕەفتار، ڕێگەی فێرکاری، دەرمان، چارەسەری ئاخاوتن، چارەسەری پیشەیی "

## ڕۆژی جیهانی هۆشیاری ئۆتیزم

ڕۆژێکی ناسراوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ساڵانە لە (٢ نیساندا) وڵاتانی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکان هۆشیاری تایبەت بە تووشبووانی ئۆتیزم بڵاودەکەنەوە.

(ئیلۆن مەسک) کە بەڕێوبەری جێبەجێکار و سەرۆکی ئەندازیارانی کۆمپانیای (سپەیس ئێکس) ە، وە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان، کە سامانەکەی بە زیاتر لە (١٥٠) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، ئاشکرای کرد کەوا تووشی نەخۆشی (ئاسپێرگەر) بووە کە جۆرێکە لە تێکچوونی سپێکتریمی ئۆتیزم و توشبووان لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەوە داخراون.

## سەرچاوەکان

- (علی،رحمان) ،(ئۆتیزم و خێزان) ،چاپی دووەم ،٢٠١٤
- (صفری، طەیبە ، خلیلی ،زەهرا) ،(دەستوەردانی ڕەفتاری لەتوشبوانی ئۆتیزمدا) ،چاپی یەکەم،٢٠١٥